گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنەما بنەڕەتییەکانی میتافیزیك لە نێوان ئەرستۆ و دیکارتدا

**صفوان طلعت حمد طاهر**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sophyahawre@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٨
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Methaphisic, Cogito, Being, Essence, Cartesian, doubt, God

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.11

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەربە جۆر مۆدێل و سیستەمی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات، کە هەر یەکەیان خاوەنی کۆنتێکست و مێژوو و تایبەتیی خۆیەتی. یەکەمیان، ئەرستۆتالیس: فەیلەسوف و مامۆستا یەکەم، دانەری یەکەمین سیستەمی میتافیزیکای فەلسەفی، دووەمیان: دیکارتی گەورە باوکی مۆدێرنەی ئەوروپا و ڕۆشنگەرییە... لە ڕووی مێژووییەوە مەودای نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە نزیکەی دوو هەزار ساڵ دەبێت. هەلبەتە بەقەد ئەم مەودا زەمەنییە درێژە فۆرمی بیرکردنەوەشیان لەیەکتر دوورە. هەر یەکێکیان هەڵگری تایبەتمەندی میتۆدی و ئامرازی و ئامانجی و کۆمەڵی خەسڵەتی بنەڕەتی خۆیەتی......پرۆژەی ئەم توێژینەوەیە، هەولێکە بۆ مشتومالکردنی بیروبۆچوونەکانیان بە پەیرەوی کردن لە میتۆدی شیکاری-بەراوردکاری، ڕەهەندی لێکچوو و جیاوازی نێوان سیستەمی بیرکردنەوەی ئەم دوو فەیلەسوفە دەخەینە بەرباس. روخساری توێژینەوەکە، سێ بەش لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ چەند تەوەرێکی بنچینەیی؛ بەمشێوەیەی خوارەوە: لەبەشی یەکەمدا دەروازەیەک وەک ناساندێکی خێرا بەڕووی میتافیزیکدا دەکرێتەوە. پاشان لە تەوەری دووەمدا، باس و خواسە میتافیزیکییەکانی یۆنان لەلای فەیلەسوفە سروشتییەکان باس دەکرێت. هەر لەم بەشەدا ئاماژە بە بۆچوونە میتافیزییەکانی ئەفلاتۆنی مامۆستای ئەرستۆ دەکرێت کە لە هەندێ شوێندا ڕەخنەی کردووە و لە هەندێ جیگا بە توندی پابەندی بووە. لەبەشی دووەمدا تیشک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەخرێتەسەر واتاو پێناسەكانی میتافیزیك لەلای ئەرستۆ و دواتر بنەماكانی چوار هۆكارە و جوڵێنەری نەجولاو باس دەكرێت..
بەشی سێیەمی توێژینەوەكە هزری دیكارت تاوتوێ دەكات و ئاماژە بە بنەما بنەڕەتییەكانی میتافیزیك لە دیدی دیكارت دەكات؛ مامەڵە لەگەڵ گومان وەك دەستپێكی دامەزراندنی زانینێكی دلنیاكەرەوە دەكات. پاشان لە ڕێگەی گومانی میتۆدەیی بە دڵنیایی دەگات و بە كۆجیتۆ بە ناوبانگەكەی بوونی خودا (ڕەب) وەك بنەمایەكی باڵا پشت ڕاستدەكاتەوە دەیخاتە ناوەندی هزر و بە دامەزراندنی میتافیزیكای دیكارتی لێیەوە دەردەچێت كە فەلسەفەی مۆدێرنەی ئەوروپای لەسەر دادەمەزرێنێت.. لە كۆتاییدا، خاڵی هاوبەش و ناكۆكی نیوانیان دەخرێتە ڕوو.

## 1-1 پێشەکی

"میتافیزیک" یان بەدەر لە سروشت بە لقێک یان بەشێکی سەرەکی فەلسەفە دادەنرێت؛ کە سۆراغی پرسیارە جەوهەرییەکانی پەیوەست بە (بوون) دەکات. بایەخ بەودیوی شتەکان و دیاردەکان دەدات و هەوڵدەدات لە هۆکاری بوونیان تێبگات. بەمەش پانتاییەکی فراوانی لە سنوری بواری فەلسەفەدا داگیرکردووە و لەلای زۆربەی فەیلەسوفان "میتافیزیک" وەک ڕەگی فەلسەفە دەبینرێت. لەم سۆنگەیەوە ئەرستۆ و دیکارت بە دوو فەیلەسوفی کاریگەر و دوو دیاردەی گرنگی فەلسەفی سەردەمی خۆیان دادەنرێن؛ کە هەر یەکە و خاوەنی مۆدێلێکی بیرکردنەوەی (فەلسەفی-میتافیزیکی) جیاوازن و بە داڕشتنی بیرکردنەوەکانیان هەر یەکەیان زەمەنێکی مێژوویی تولانی باڵادەستی خۆیان وەک تارمایی تاکو ئێستاش بەسەر بیری مرۆڤایەتیدا دێت و دەچێت. ئەم فەیلەسوفانە تێکڕای دەقەکانیان دەچنەوە سەر بیرە میتافیزیکییەکانیان و لەوێوە پرسیارەکانی وەک بوون چییە؟ و هۆکاری بوون چییە؟ و پەیوەندی نێوان واقیع و ئەودیوی واقیع چییە و چۆنە؟. بە شێوەیەکی گشتی، میتافیزیک بە دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت :

ئەو شتانە چین کە بەڕاستی بوونیان هەیە؟ سروشتی بوونیان چییە؟ ئایا شتەکان جیا لە هەستی ئێمە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە؟ سروشتی پەیوەندی نێوان کات و شوێن چییە؟ پەیوەندی مێشک بە جەستەوە چییە ؟ مرۆڤ چۆن دەبێت بە مرۆڤ و چۆن دەبێت بە مرۆڤێکی عاقڵ و ئەو بابەتانەی وەک بوون و ئۆبجێکت و تایبەتمەندی و شوێن و کات و هۆکار و کاریگەری و هتد... تاوتوێ دەکات.

ئەو خاڵە هاوبەش و بنچینەییەی ئەم دوو فەیلەسوفە بەیەکترەوە گرێدەدات بەدرێژایی مەودایەکی زۆری مێژوویی و دوو قۆناغی جیاواز، بریتییە لە (میتافیزیک)، سەرەڕای ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، خاڵی جەوهەری ناکۆکیی و لێکترازانیشیانە. کە دواجار مێژووش دابەشدەکات بۆ دوو بەش. گرنگی ئەم باسە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و مشتوماڵکردنی بیرو بۆچوونە میتافیزیکییەکانی نێوان ئەرستۆ (مامۆستای یەکەم) و دیکارت (باوکی مۆدێرنیتەی ئەوروپا) ... لە دوو توێی توێژینەوەکەدا پەیڕەوەی لە (میتۆدی شیکاری- بەراوردکاری) دەکەین؛ لە دەستپێکدا بیرکردنەوە میتافیزیکییەکانی ئەرستۆ دەخرێنە بەرباس بە پرسیارە میتافیزیکییەکانی لە سروشتەوە دەستپێدەکات و بەرەو ئەودیوی سروشت دەڕوات. بە ئامانجی دانانی بنەمایەکی میتافیزیکی بۆ هەلهێنجانی مەعریفەیەکی ڕاست. لەبەرامبەردا دیکارت بە گومان خستنەسەر پشکنینی ئایدیاکانی ناو سەری خۆی دەستپێدەکات و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەلماندنی بوونە سروشتییەکی خۆی و بە کۆگیتۆی "من بیردەکەمەوە کەواتە هەم" دوالیزمی (بوون)ی خودی دەسەلمێنێ و بەڵگەکانی بۆ بوونی خودا دەخاتەڕوو و میتافیزیکایەکی خود ئیمانی دادەمەزرێنێت.

## 1-2بەشی یەکەم: واتا و پێناسە؛ ڕەهەندە مێژووییەکانی تیۆری میتافیزیك

### تەوەری یەکەم: واتا و پێناسەی میتافیزیک بەگشتی:

(وشەی "مێتا" لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە، کە بە واتای "ئەمدیو یان پاش "فیزیکا" و "سروشت" دێت".). (encyclopedia 2018, 16)چەمکێکە ئاماژە بە "زانستە جیاوازەکانی سروشت و دنیای بەر هەستی ماددی دەکات. سەرەتای دەرکەوتن و داڕشتنی پرسە میتافیزیکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی ئەرستۆ. بەپێی ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفە عەبدولرەحمان بەدەوی: ئەرستۆ "فەلسەفەی یەکەم" یان "خواناسی" پێیوتووە "بنچینەی وشەکە لە خۆماڵیکردنی وشەی یۆنانی (تامتا فوسیکا)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتا - بەدەر لە سروشت- هاتووە.." (بدوی ١٩٨٤، ٤٩٣). سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەم وشەی بۆ دانراوە؟ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ "ئەندرۆنیکۆسی ڕۆدسی، کاتێک لە سەدەی یەکەمی پێش زایین کتێبەکانی ئەرستۆی بڵاوکردەوە. زنجیرەی ڕیزبەندییەکە بە کتێبی لەبارەی "سروشت" ەوە، دەستپێکرد و تا.. کتێبی "دوای سروشت" دەکەوێتە کۆتا بەشی بڵاوکراوەکە"(طرابيشی،2006، 101). ئەمەش تەنیا بەم واتایە دێت؛ کە کتێبی داهاتوو لە پێناو کتێبی سروشتە و هیچ پەیوەندی بە ناوەڕۆک و بابەتی زانستەوە نییە ئەوەندەی ناوی ئەم زانستە بێت.

کەواتا "میتافیزیک ئەو لقەی فەلسەفەیە کە لە پرەنسیپە یەکەمینەکانی بوون و چییەتی، گۆڕان، بۆشایی، کات، هۆکار و پێویستییەتی دەکۆڵێتەوە (joslyn 1993, 76) کە باسی جەوهەر،چییەتی، ماددە، وێنە، خواناسی (ئیلاهیات) دەکات و ئەرستۆ بە فەلسەفەی یەکەم ناوی دەبات" (عەزیز ٢٠١١، ٢٦٠).. میتافیزیک پێش ئەوەی زانست پەرەی پێبدات بۆ ئەو فۆرمە ئاڵۆزەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین، ئەو کێشانەی کە پەیوەندیان بە زانستەوە هەبوو لە ژێر چەتری میتافیزیکدا چارەسەر دەکران. پێش سەرهەڵدانی زانستە مۆدێرنەکان و زۆر دوای ئەرستۆ، بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕێبازێک بوو بۆ شیکردنەوە و فێربوونی "سیکۆلائی". .(joslyn 1993, 9).

جگەلە لق و بەشە لاوەکییەکان میتافیزیک بەگشتی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبێت:

یەکەم: ئۆنتۆلۆجیا و تیۆری بوون: لە ئەرستۆ وە میتافیزیک لێکۆڵینەوە بوو لە بوون و مرۆڤناسی بە بەشێکی سەرەکی لە میتافیزیک مایەوە بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەردەمی مۆدێرندا بوو بە لێکۆڵینەوە لە تیۆری زانین یان ئەبستمۆلۆجیا، وەک ئەوەی لەلایەن دیکارت و کانت و ئەوانی ترەوە دەبینرێت.

دووەم: سایکۆلۆجیای عەقلی: بەشێکە کە توێژینەوە لە ڕەهەندی قوڵی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤ دەکات، ئایا سادەیە یان ئاڵۆزە؟ ئایا ئەمە هەمان هەناسەیە یان چەند هەناسەیەک هەیە؟ جیاوازی نێوان نەفس و ڕۆح چییە؟ ڕۆح چی پەیوەندی بە جەستەوە هەیە؟ ئایا ڕۆح لەناودەچێت؟ ئەگەر ڕۆح نەمر بێت، بەڵگەکانی نەمریی چییە؟

سێیەم: کۆسمۆلۆجیا یان گەردونناسی: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە جیهان و سەرهەڵدانی گەردوون و ئەو پێکهاتەیەی پێکی دەهێنێت، وەك سروشتی شوێن چییە؟ وە سروشتی کات چۆنە؟ ژیان چییە؟ وە بنەڕەتەکانیان چیین و چۆنن ؟

چوارەم: ئایینناسی ئەقڵی یان سروشتی: بابەتی خواناسی و بەڵگەی بوونی خودا و سروشت و سیفەتەکان تاوتوێ دەکات. دۆکومێنتە میتافیزیکییە ئاینیەکانی بەسەر سێ بەشدا دابەشکراون. (امام ١٩٩٦، ٤٢)

ئەرستۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر بڕیار بدەین خۆمان و جیهانی دەوروبەری خۆمان بپشکنین لە ڕێگەی ئیمپیریزمی زانست و لۆژیکی بیرکاری لەسەر بنەما و مەیلی وردبوونەوە، دەبێت سەرەتا ئەوە قبوڵ بکەین کە میتافیزیک پێش ئەو زانستە دێت(واتا پێش زاستە فیزیکییەکان) چونکە ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێت کە هەموو شتێک بنچینەیەکی سروشتی هەیە، پێویستە ئەوە بزانین کە بیرکردنەوەی بێ میتافیزیک، وەک ئەوە وایە کە ئێمە لەناو بازنەیەکدا بەدەوری خۆماندا بخولێینەوە، تەنها ئەو شتانەی دەوروبەر یا پێش خۆمان دەبیینین و لەبەر ئەوە هیچ بەدەست ناهێنین. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی شتێک بەدەست بهێنین، دەبێت سەیر بکەین، پێش ئەوەی لە لۆژیکی زانستی شتەکاندا هەڵخەڵەتێین، هۆکاری هەبوونیان، بۆچی بوونیان هەیە و چ خەسڵەتێك هەیە کە وامان لێدەکات کە بوونیان قبوڵ بکەین و بە هەمان شێوە چ خەسڵەتێك لە دەست دەدەن کە قبوڵی دەکەین کە ئەوان چیتر بوونیان نییە؟ .(newall 1993, 31)

## 1-3 تەوەری دووەم: ڕەهەندە مێژووییەکانی میتافیزیك پێش ئەرستۆ:

(فەلسەفەی یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زایین پتر, بەڵام بەشێوازێکی پێشکەوتووی پشت ئەستوور بە ژیر و مەنتیق, جۆرە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی سروشتی دەورووبەر بووە, کە مرۆڤی بیرمەندی ئەو سەردەمە سەرگەردانی گەڕان بووە, بە دوای ئەو کەرەسە و هەوێنە سروشتیەی کە بوون بە گشتی و گەردوون و سروشت بە تایبەتی لێوەی پەیدا بوون.) (عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ٢٠١٤، ل٣١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-4 یەکەم: فەیلەسوفە سروشتییەکان: (تالیس، ئەناکسیمەندەر، ئەناکسیمینس).

**تالیس**[1]:

(سەرەتای فەلسەفەی سروشتی یۆنانی بە ناوی تالیسەوە دەنوسرێت و تالیس بە دروشم و ئولە دوورەکانی رۆژهەڵات ناوبانگی دەرکرد , وەك دەڵێن نهێنیەکانی ئاگر پەرستان و پیاوانی ئایینی بابلی و میسری و فینیقیەکان و فارسی پەیرەو کردووە. ئەو باوەڕی بە چیرۆکەکانی ئەفسانە نەبووە و خۆی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن و دووان لە گەردوون بە زمانی سروشتی, بیرۆکەیەکی زۆر گەشەکردووی لە بابەت ئاو پێشکەش کردووە, بەهۆی ئەوەی کە (ئاو) یەکەمین شتێك بووە بووەتە هۆکارێك بۆ هاتنە کایەوەی هەموو شتەکانی دیکە). (ف.س.نەرسیسیان، 2008).

تالیس ئاوی بە گەوهەری هەموو شتێك دەزانی و لەو باوەڕەدا بوو کە ئاو کاتێك ببێت بە هەڵم دەبێتە هەواو کاتێك خەستبێتەوە دەبێتە بەردو خاك (شتە ڕەقەکان). ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ژیان لە سەر زەوی لە شێ دروست دەبێت (پولادی ٢٠٠٨، ٢٦).

(گریمانەی ئەوە دەکرێ تالیس دوای تێبینی کردنی بۆ دیاردەو گۆڕانە سروشتیەکان, پرسیاری کرد بێ: چ شتێ بنەمای هەموو شتێکە؟ لە وەڵامدا گەیشت بێتە ئەو بۆ چوونەی بڵێ: ئاو سەرچاوەی بوونی هەموو هەبووێکە. ئەرستۆ لە کتێبی (مێتافیزیك) دا کاتێ ڕاڤەی ئەم بیروبۆچوونەی تالیس دەکات، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە بە دوورە تالیس بڕوای وا بوو بێت, ئاو (کە زەوی لەسەر وەستاوە), بۆ خۆی لەسەر شتێ وەستا بێت, ئەو بە تێبینی کردنی ئەوەی کە هەموو شتێ لە ئەنجامی تەڕایی و شێدارییەوە گەشە دەکات و لە هەموو تۆو و دانەوێڵەیەکدا شێدارییەك هەیە, گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گریمانەی ئەوە بکات ئاو جەوهەرو ماددەیی سەرەتای پێکهێنەری جیهانە.) (سیوەیلی ٢٠٠٩، ١٢٠).

(لەبەرئەوەی میتۆدی تالیس زۆر پراکتیکییانەیە و ئەنجامی تێبینی کردن و ژیانی کردەیی ئەوە لە دەوروبەرێکی سروشتەکیدا بۆ دۆزینەوەی ئەو پابەندبوون و پەیوەست بوونەی شتەکانەوە بە ئاستە بنەماییەکەیانەوە, سروشتی دەوروبەر و ئەو ژینگە مرۆییەی ئەوی تێدا ژیاوە, کاریگەریان کردۆتە سەر هەستەکانی و ژمارەیەکی زۆر سەرنجی لەسەر سروشتی دەوروبەر و گۆڕانەکانی تۆمار کردوون,

---

[1] تالیسی مالتی (نزیکەی 624- نزیکەی 546 پ.ز) بیرکاریزان و ئەستێرەناس و فەیلەسووفی یۆنانی لە قوتابخانەی ئایۆنی، یەکێکە لە "حەوت دانا" ی یۆنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشانیش هەستاوە لە بیری خۆیدا شیکردنەوەی تیۆری بۆ ئەنجام داون. یەکێ لەو کێشە تیۆرییانە بوونناسییە, کە لێکۆڵینەوە لەسەر جەوهەری بوون, یان هەبوو دەکات. تالیس سەرەتا توێژینەوە لەبارەی سروشتەوە دەکات و چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە گۆڕانە سروشتی و دەرکەوتە سروشتیەکاندا دەبینێتەوە, پاشان لە هەنگاوێکی تردا, تالیس ئەو تایبەتمەندیانە دەگشتێنێ و دەیانکاتە خەسڵەت و تایبەتمەندی نەگۆڕ و هەمیشەیی هەموو شتێ.) (سیوەیلی ٢٠٠٩، ٢٦).

## ئەناکسیمەندەر[2] و بنەمای بوون

(ئەو هەوێنە دیارینەکراو و بێ سنوورەی بنەمای بوون پێ دەهێنێت بێ ڕوخسارە ئەگونجێ ئاسن, ئاو, هەوا, یاخود شتێکی تر بێت. ئەو وشەیەش بە یۆنانی "ئاپیرۆن" ی پێ دەگوترێت...هەر هەبووە و هەر دەمینێ و هەتا هەتاییە. هەموو شتێك لەو ئاپیرۆنەوە دروست دەبێت و ئەگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە... بەڵای ئەناکسیمەندەر ئاپیرۆن لە کۆمەڵە شتێکی دژ بە یەکتر پێکهاتووە وەك گەرمی, سارد, وشك, تەڕ. لە کاتێکی تایبەتدا ئەم چوار شتە, بە ڕادەیەکی ئەوەندەی یەکتری هەبوون و ئینجا لەیەکتری جیابوونەوە و جیابوونەوەکە ئەم شێوەیەی وەرگرتووە. وشکانی لە هەموویان قورسترە کەوتۆتە مەڵبەند و ئاو دەوری داوە و تەمومژیش لەسەر ئاوەوە بووە و ئاگریش بە چواردەوری هەموویاندا هاتووە.) (عەزیز, سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان ٢٠٠٨, ل٦٨-٦٩)

( ئەناکسیمەندەر دەیگووت بزووتنێکی بەردەوام و سەرمەدی بوونی هەیە کە لە چوارچێوەی بزووتنی ئەم کائینانە دروست بووە- وەك ئاو, هەوا- خاك, تەڕی, وشکی- کائینات بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە لە ئیلاهیاتی مەسیحی و یەهودی باسی لێوە کراوە, نە ئەفرێنراوە, ...ئەناکسیمەندەر تەژی بوو لە هەستی بنجکۆڵیکردنی زانستی. دەڵێن ئەو یەکەم کەس بووە کە نەخشەی جوگرافیای کێشاوە. ئەو پێی وابووە زەوی شێوەیەکی قوچەکی هەبووە. چەند وتەیەکیان لە زمانی ئەو باس کردووە کە گوایە گوتوویەتی هەتاو ئەوەندەی زەوییە, یان بیست ئەوەندەی زەوییە. یان بیست و هەشت ئەوەندەی

[2] ئەناکسیمەندەر (٦١٠-٥٤٦ ق.م.)قوتابی تالیس بوو، مۆدێلێکی سروشتیی بەڵام مۆدێلێکی جیاوازی دروستکرد لە کاتی باسکردنی ئەسڵی بوون. ئەو وتی جةوهةري جيهان بێکۆتایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زەوییە.) (ڕاسل ٢٠١١, ٧٥-٧٦) (هەموو هۆکردەیەك هۆیەکی هەیە) دەبەستێت, ئێمە دەتوانین ئاگر بەهۆی دوکەڵ و جووت بوونی نێوان نێرینە و مێینە بەهۆ بۆ پەیدابوونی مرۆڤ دابنێین. ئەمانە هۆن و دەکەونە ئەو دیو دیاردەکانەوە.) (کەمال ٢٠١٠، ٩٥).

## ئەناکسیمەنس[3]

(ئەناکسیمەنس هەوا دەکاتە بنەمای هەموو شتێك, واتا سەرەتای یەکەم, لە ئەناکسیمەندەرس دوورناکەوێتەوە, گوزارەی هەوا تەنها کارێك هەبێت بریتیە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی ناکۆتا- ئاپیرۆن- بنەمای هەوا ناکۆیە (بێسنوورە). لەوەوە هەموو شتەکانی بەبەشداری لە دایك دەبن. ئەو بزوێنەرە هاوشێوەی ناکۆتایی ئەناکسیمەندەر, لە جوڵەیەکی ئەزەلیدا, بەڵام پێ دەچێت ئەناکسیمەنس باوەڕی وا نەبوو, ئەم جوڵەیە دەتوانێ جێگەی گرفتەکانی ئەسڵی شتەکان بگرێتەوە.) (بریهیە ٢٠٠٧، ٨١).

( ئەو وای دەزانی نەتەنیا ڕۆحی ئێمە لە هەواوەیە, بەڵکو دونیاش بەهۆی هەواوە دەژی و نەفەس دەداتن, بە بڕوای ئەو ئاگر هەوایەکی پەستێنراو و ئاو هەوایەکی پەستێنراوە, خاك و بەردیش هەوایەکی زۆر پەستێنراو ترن, ئەو فەیلەسوفە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆرییەکەی خۆی ئەڵێت هەر کاتێك هەوا بەشێوەیەکی یەکسان بەر فراوان بوو, ئەوا خۆیەتی, واتا هەوایە, بەڵام کاتێ ئەگەر توشی بەر فراوانیەکی زیاتر بووەوە و پەراگەندە بوو ئەوا ئەبیت بە ئاگر, هەرکاتێ هەوا توشی چوونەوە ناو یەك بوو ئەگۆڕێ بۆ ئاو, وە کاتێ زۆر زۆر چووەوە ناو یەك و پەستانی لەسەر زۆر زۆر بوو ئەوا بە تەواوی لە جوڵە دەکەوێت و ئەگۆڕێت بۆ سەهۆڵ) (میهرین ٢٠٠٩، ١١).

(پرسیاری بنەڕەتی ئەو فەیلەسوفانە ئەوە بوو کە دەیانگووت: چۆن هەموو شتێ هاتۆتە بوون و هەیە؟ بەلای پێش سوکراتیەکانەوە, بوون و جیهان دەبوو لە ڕەگەزێك لە (arche) یەك جا ئەو ڕەگەزە, یان پرەنسیپە: (ئاو, ئاگر, خاك یان هەوا) بێت, پێکهات بێ و دەبێ ئەو ڕەگەزەش چیەتی و جەوهەری بوون بێت. ئەو فەیلەسوفانە هەوڵیاندەدا بۆ هەر قسە و تەفسیرێکی کە بۆ دیاردەیەکی سروشتی دەیانکرد

[3] .ئەناکسیمەنسی مالتی (نزیکەی 588-525 ب.ز) فەیلەسوفێکی یۆنانییە و بە یەکێک لە دوا نوێنەرانی قوتابخانەی مالتی یان ئیۆنی دادەنرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵگە بهێننەوە. ئەوان بە تێبینی کردنی دۆخەکانی گۆڕان لە سروشتدا (بۆ نموونە گۆڕانی وەرزەکان) و وردبوونەوەیان لەو دیاردانەی لە ئاکامی ئەو گۆڕانانەوە (بۆ نموونە لافاو, ئاگرکەوتنەوە, بوورکان, زەوی جموتن و گێژەڵووکە), دروست بوون و تێیاندا یەکێ لە ڕەگەزە سروشتیەکان (ئاو, ئاگر, خاك, یان هەوا) کاریگەریان زۆرتر دەبوو, دەکەوتنە خستنەڕووی ئەو بەڵگانەی کە دەیان سەلماند کامە ڕەگەز سەرچاوەی سەرەکی بوون و جیهانە. ئەوان توانیان مەسەلە سەرەکیەکانی فەلسەفە بخەنە ڕوو. ئەمەس بەو هۆیەوە کە خواستی سەرەکیان، ئەوەبوو تاکو لە ڕێگای هۆشەکیەوە تەفسیری جیهانی فیزیکی بکەن و ئەو بنەمایانە ئاشکرا بکەن, کە لە دەروونی ئەم جیهانەدا بوونیان هەیە.) (سیوەیلی ٢٠٠٩، ١٩و ٢٠).

## 1-5 دووەم: هیراکیتۆس[4] و چەمکی گۆڕان

بنەماکانی فەلسەفەکەی :

1. هەموو شتێك لە جووڵەی بەردەوام و گۆڕان دایە.

2.جیهان ئاگرێکی زیندووە کە هەمیشە دەمێنێتەوە. (بدوی ١٩٨٤، 37).

هیراکلیتۆس بۆ ئەوە چووبوو کەوا ئاگر مایەی یەکەمی سروشتە. لەبەر ئەوەی بەتوانسترە لە گۆڕان و بزوتنەوەو جیهان هەموو ـ شتە لێکچوەکان و هەتا گیانیش ـ لە ئاگردا پەیدابوەو دەشبێ ئاگر هەتا هەتایی کە بەژمارە دەسوتێ کپ دەبێتەوە و بەژمارە. (وەسمان، ل 451 )

پرۆسەی گۆڕان و جوڵە، لەدیدی هیراکلیتۆس ئاماژەیە بە بەردەوامی جوڵەو گۆڕان و گەشە لە پێکهاتەی شتێکدا تایبەتمەندیەکانی سروشت لەڕوانگەی ئەم فەیلەسوفەوە بە جوڵەو وگۆڕانەوە بەندن بوونی هەرشتێك لە سروشتدا پەیوەستە بە گۆڕانی بەردەوام بۆیە هیراکلیتۆس بڕوای وا بووە

---

[4] هیراکیتۆس لەشاری ئەفسوس لەدایك بووە، لەنێوان ساڵانی ( 540 ـ 475 ) پێش زاینی ژیاوە ڕۆڵی خێزانێکی خواپێداو و ئۆرستۆ کرات بووە، سامان و داراییەکی زۆری بەمیرات بۆ بەجێماوە ئەو سامانەی لەپێناو پشکنین و بیرکردنەوە لێکۆڵینەوەدا خەرج کردوە وازانراوە نیشتیمانی خۆی زۆر خۆش وویستوە و قینی لەچینی هەژارو ڕەنج دەر و سادە بوە بەگاڵتە پێکردنەوە سەیری بڕواو زانین و ئاینەکانی کردووە .هیراکلیتۆس فەیلەسوفێکە لەفەیلەسوفە پایە بەرزەکانی یۆنان و لەمەیدانی فەلسەفە و سیاسەت و ئاکارو تیۆری زانیندا دەورێکی گەورەی گێراوە ئەوەندەش بەسە بلێین کە بە رابەر و داهێنەری (دیالێکتیك) دائەنرێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەوهەری خودی واقیعەت بریتییە لە گۆڕان و هەر دیاردەیەك، یان فینۆمینێکی کە لە واقعی هەستەکی و ئەزمونکراویدا دەیبینێت لە سێ دۆخدا بوونی هەیە :

1 ـ دۆخێکی بوونی شتەکان ئەوەیە کە لەڕەوتی گۆڕان دایەو گۆڕان دەیگرێتەوەو ماهیەتی بوونی ئەو شتە لە گۆڕاندا دێتەدی. واتا گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامە وە دەسەڵاتێکە لە دەرەوەی شتەکان کاریگەری هەیە بۆیە ئاراستەیان دەکات بۆئەوەی لە فۆڕمێکەوە بگۆڕێن بۆ فۆڕمێکی دیکە. کەواتە (هەبوونی) ی هەرشتێ لە دەرەوەی بوونی ئەو شتە نیە لەناو گۆڕاندا و هەرشتێ (هەبێ)، لە پرۆسەی گۆڕاندا (هەیە).

2 ـ شتەکان وێرای ئەوەی لە ژێر کاریگەری پرۆسەی گۆڕان دان، ئەوە بۆخۆشیان ئەگەری گۆڕانیان تێدا هەیەو لە ڕەوتی (جووڵە) دان بۆ گۆڕانی بەردەوام و هەبوونی خۆیان لەماهیەتی گۆڕان خوازانەی سروشتی خۆیانەوە وەردەگرن. ئاو لەژێرکاریگەری پرۆسەی گۆڕانە دەرەکیەکاندا دەگۆڕێ، پرۆسەی گۆڕانی دەرەکی پلەی گەرمی و ساردی دۆخی ئاو لەشلەوە دەگۆڕێ بۆ هەڵم و بۆباران و بۆ بەستن و هتد. بەڵام ئاو بۆخۆشی لەبەردەم ئەگەری گۆڕانی بەردەوام دایە و(دەبێ)، واتا بوونی ئەو شتە لە میانەی گۆڕان و دووبارەبوونەوەی وەکخۆیدا،خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. (سیوەیلی ٢٠٠٩، ١٥٠).

"ئەم جیهانە سەبارەت بەهەمووان یەکە، نە خواوەند و نەئادەمیزاد ئافریدەیان نەکردوە هەر هەبوە و هەیە هەر ئەمێنێ، ئەویش ئاگرێگە بە پێ و دەنگێك ئەسوتێ و کپ و خەفە ئەبێتەوە و خواوەند شەو و ڕۆژە، زستان و هاوینە شەڕ و ئاشتیە، تێری و برسێتیە بەڵام وەك ئاگر چەند شێوەیەکی جۆرا و جۆر وەرئەگرێ " . (عەزیز ٢٠١٤، ٧٧).

(فکرەی ئاگر) ئاگر مانای ژیانە هەبوونی ئاگر لەمێژە هەیە نەکەس دروستی کردیە نەنەبێ چونکە هەمووشتێك لە ئاگر درووست بوەو دەچێتەوە بۆ ئاگر چونکە هیچ شتێك وەك ئاگر خێرا نیە، بۆیە ئاگر لەشوێنی خۆی نامێنێتەوە لەبەردەوام بوون دایە ئاگر مانای دروست بوونی ژیانە شتێکی سەرەکییە لە ژیان چونکە ئاگر دەبێتە هۆی دروست بوونی هەموو شتێك، بارانی لێ دروست دەکرێت، لەو کاتەدا گژ و گیا دروست دەبێ ئەم گژ و گیایە ئەسوتێندرێت دەبێت بە ئاگر، بۆیە دەڵێن هەموو شتێك لەئاگرەوە دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئاگر، بۆیە ئاگر بۆتە سەرەکی بۆیە هەروەکو گوتمان هیچ شتێك لە شوێنی خۆیان نامێنێت بۆیە هەموو شتێك کات و ساتی خۆی هەیە هەموویان دەگۆڕدرێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام یەك مانا دەدەن بۆیە هەموو شتێك بەیەکەوە ژیان دروست دەکەن ئەمە هەمووی ڕای فەیلەسوف ( هیراکلیتۆسە ) بۆیە پێمان جیاوازە ئەبێت بۆچوونمان لەگەڵ یەك بێت ئەگەر وانەبێت ئەوە بە مردن یان لە ناو بردن کۆتای دێت. بۆیە ئاگر دروست دەبێ هەر ئەو خەڵوزە لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێت لە دوای خۆی بەڵکو شتێکی سەرەکین لە ژیان بۆیە ئەم سەرەکیە بەردەوامە لە ژیان کەوا بۆچوونمان جیاوازبێت لەگەڵ یەك لە ژیان، بۆیە ئەگەر بۆچونەکەمان سەر کەوێت ئەوەیتر نامێنێت لە ژیان، بۆیە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت دەبێت بەردەوام بین بەم دوو بۆچوونە (عبدالحمید ٢٠١٠، ٧٠-٧٣).

## 6- 1تەوەری سێیەم: میتافیزیك لە دیدی ئەفلاتۆن، کاریگەری لەسەر میتافیزیکی ئەرستۆ

ئەرستۆ بە ڕەخنەکردنی تیۆری ئایدیاکانی مامۆستاکەی لە چەند لاوە دەستیپێکرد. کە بریتییە لە جەوهەری فەلسەفەکەی ئەفلاتۆن. تیۆری ئایدیاکان یان نموونەکانی ئەفلاتۆن باس لە بوونی دوو جیهان دەکات (جیهانێکی پێش هەستەوەری یان جەستەیی کە تێیدا مرۆڤ ئاگای لە هەموو زانست و شاردنەوەیەک بێت و کاتێک دەچێتە جیهانی هەستەوەری (واتە کاتێک لە دایک دەبێت) هەموو ئەو زانستانەی بیردەچێتەوە و تەنیا لە بیرۆکەی ئەفلاتون یان تیۆری ئایدیاکان دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی جیاکردنەوەی نێوان ڕاستی و دەرکەوتەکان یان شتە ئاشکراکان و گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە سەرەتا لەلایەن پارمینیدس و پاشان فیساگۆرسەوە دەستی پێکرد ئەفلاتون پێی وایە ئەو جیهانەی کە ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستمان دەکەوێت و ئەزموونی دەکەین، ڕاست نییە، بەڵکو جیهانێکی هاوشێوە یان ناتەواوی کۆپی جیهانی ڕاستەقینەیە. لە ڕوانگەی ئەفلاتون، لەم جیهانەدا شتەکان دەگۆڕێن، دێن و دەڕۆن، سارد و گەرمن، بۆیە ئەمە دنیای چەندین هەڵەیە. بەڵام ئەو پێی وایە کە جیهانێکی ڕاستەقینە هەیە کە هەموو شتە ڕاستەقینەکان کامڵن و هاوچەشنیان یان هاوچەشنیان هەیە لە جیهانە هەستپێکراوەکەماندا ئەفلاتون ئەم جیهانەی بە جیهانێکی ڕاستەقینە یان ڕاستەقینە ناوبرد. ئەم جیهانە سەربەخۆیە لە هەموو شتێک و کاریگەری نییە بەو گۆڕانکارییانەی کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانەوە ئەزموون دەکەین. (Marvin Earbon 1968)

لە کۆتایی کتێبی " سروشت" دا ئەرستۆ ڕەگەکانی فەلسەفەی ئەفلاتۆن دەستنیشان دەکات و تیشک دەخاتەسەر ئەوەی ئەفلاتون "لە ژێر کاریگەری هیراکلیتس و پارمەندیس و پاشان پرۆتاگۆراس و سوقرات بووە.. ئەرستۆ باس لەوە دەکات کە تیۆری فیثاگۆرس ژمارە و فۆرمە جێگیرەکان کەموکوڕی و پرەنسیپەکانی بوون بەشداری لە پێکهێنانی هێڵە بنەڕەتییەکانی تیۆری ئەفلاتون دەکەن. لەسەر دەستی سوکرات و پابەندییە توندەکەی بە زانستە بیرکارییەکان، بەناچاری بە دوای ئاسمانە جێگیرەکاندا دنیای تێگەشتنی بە پووچ سەیر کرد. بۆیە پێیوابوو کە زانستی ڕاستەقینە تەنیا ئەگەر وا دابنێین کە ئەو شتە جێگیرانە هەن کە بابەتی زانستن ئەم خەسڵەتە نەگۆڕانە حەقیقەتە سەرمەدییەکانی دنیای خودایە، هەتاهەتاییە کە لە گۆڕان و تێکچوون بەدەرن، چونکە گۆڕاو و گەندەڵەکان بوونێکی هەستپێکراون. بە پێی ئەفلاتون ئایدیاکان پرەنسیپی بوونن، خاوەن بوونێکی ڕاستەقینەن، هیچ ڕاستییەک نییە بۆ ئەو شتانەی کە بەرجەستەن جگە لە ڕادەی هاوبەشیکردنی دنیای ئایدیاکان. وێنەی جوانی ڕەها، بۆ نموونە وێنەی ئەمە یان ئەوە نییە، بەڵکو ڕاستی جوانی هەتاهەتاییە کە ناگۆڕێت، ئەو شتەیە کە جوانی پارادۆکسیکی شتەکانە. ئیدی ناکرێت کەرەستە بێت، چونکە چارەنووسی مادەکە هیچ نییە و تەنیا بە سوپاس بۆ درەوشاوەیی خۆی لە ئامادەبوونێکی ڕێژەییدا چێژی لێوەردەگیرێت. ... (Ground 1978، 1)

ڕەتکردنەوەی تیۆری ئایدیکان سەرەتا بە پەندێک لەلایەن ئەنستانس کەلبی دەستپێکرد، کاتێ ئەو وتی : (ئەسپێک دەبینم و ئەسپەکان نابینم) ئەو بەو شێوەیە نکۆڵی لە بوونی هەموو ئایدیایەک کرد کە وەک ڕاستییەکی دەرەکی بوونیان هەبێت. بەلام ڕەخنەکانی ئەرستۆ بە تەواوی جێی بایەخ و وتوێژ بوو و دەکرێت بۆ دوو ڕوو کەم بکرێتەوە: یان ئایدیاکان بابەتی زانستن و دواتر گەوهەری نین یان گەوهەری شتەکانن و دواتر ناتوانن ببنە بابەتی زانست. (کرم ٢٠١٢، ٤١).

## 2-1بەشی دووەم: بنەما بنەڕەتییەکانی میتافیزیك لە دیدی ئەرستۆ

یەکەم شت لە مەزهەبی ئەرستۆدا دەبێت تێبینی بکەین، تێڕوانینی ئەو بۆ گەردوونە یان ئەوەی پێی دەڵێین "پلە" یان بەرزبوونەوە. گەردوون بە پێی ئەم فەیلەسوفە لە ڕێگای ڕووەک و گیانەوەرەوە بۆ مرۆڤ داوا پلە بە پلە هاتووە وە لە مرۆڤەوە بۆ لاشەی ئاسمانی بۆ خوداوەندەکان.  گرنگی ئەمە لە فەلسەفەی ئەرستۆدا ئەوەیە کە گەردوون بە شێوەیەکی ڕێک و پێکی بەرەو سەرەوە ڕێکخراوە و ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوانینە هەرەمییە لە وتە بەناوبانگەکەی دەرەکەوێت: "سروشت هیچ هەڵەیەکی نیە" ئەرستۆ ڕوونی دەکاتەوە: "دەکرێت بوترێت ئێمە بەردەوام لە هەردوو جیهانداین: جیهانی سروشت و دنیای هونەر - پێش ئەو سیستەمە کە تێیداین و دەبیینین ئەوەی خراپترە لە خوارترە ئەو شتەی کە بەرزترە و ئەوەی بەرزترینە تەنیا بۆ ئەو بنەما عەقڵانییەی تێیدایە دەگەڕێتەوە. (امام ١٩٩٦، ٢٩). دواجار هەموو ئەو زنجیرەیە دونیای سروشتی پێکدەهێنن و ئەوەی دەکەوێتە ئەو دیو ئەم سروشتەوە بریتییە لە میتافیزیک کە لەلای ئەرستۆ ئەو لقەیە لە فەلسەفە باسی جەوهەر، چییەتی، ماددە، وێنە و خواناسی (ئیلاهیات) دەکات و ئەرستۆ بە فەلسەفەی یەکەم ناوی دەبات (عەزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان ٢٠٠٨، ٢٦٠).

## 2 -2تەوەری یەکەم: چوار هۆکارەکە:

چوار هۆکارەکە لە فەلسەفەی ئەرستۆ بریتین لەو هۆکارانەی کە لە دونیای سروشتی بۆ بوونی هەر شتێک، پێویستییەکی ناچارەکین. ئەرستۆ لە بەستنەوەی ئەو هۆکارانە لە دنیای سروشتەوە دەچێتە ئەو دیو سروشت و فیزیک و بوونی جولێنەرێکی نەجولاو بە پێویست دەزانێت. هۆکارەکان بریتین لە:

یەکەم: ماددە: هۆیەکی ماددی دیاری دەکرێت بەوەی کە گۆڕانی شتەکان پێکدێنێ. بۆ نموونە مێزێک، دەتوانێ دار بێت، لە حاڵەتی پەیکەردا، دەکرێت برۆنز یان مەرمەڕ بێت.

دووەم: فۆرم: هۆکارێکی فەرمی گۆڕانکاریە لە پلان، شێوە، یان دەرکەوتنی شتەکان. ئەمانە پەیوەندیە ژمارەییەکانە

سێیەم: کارامەیی- بکەر: شتێکی دروست پێکدێت لە شتەکانی دەرەوەی ئەو شتەی کە دەگۆڕدرێن کە کارلێک دەکات بۆ ئەوەی شتێك ببێتە ئەنجامدەری گۆڕانکاریەکە. بۆ نموونە، هۆکاری دروستکردنی مێزەکە دارتاشێکە کە لەسەر دار کاردەکات. لە سروشتدا، هۆکاری منداڵ باوکە.

چوارەم: مەبەست یان ئامانجەکی: هۆکاری کۆتایی ئەوەیە کە شتەکە دەگۆڕێت. دەنکی تۆوەکان ڕووەکێکی پێگەیشتووە. مەبەست لە بەلەمی دەریاوانی گەشتە. تۆپەکە لە سەرەوەی ڕامپەکە لە کۆتاییدا لە خوارەوە دەوەستێت. )طالیس (n.d., 283

هەر چوار (جۆر) هۆکارەکان لەوانەیە لە درووستبوونی شتێکدا بەشداربن. بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی دەستکرد وەک پەیکەرێکی برۆنز لە بەرچاو بگرە برۆنزەکە دەچێتە ناو ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیکەرەکە وەک هۆکاری ماددی سەرنج بدە کە برۆنزەکە تەنها ئەو ماددەیە نییە کە پەیکەرەکەی لێ دروست کراوە، هەروەها بابەتی گۆڕانە، واتە ئەو شتەی کە گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات و پەیکەرێک ئەنجام دەدات برۆنزەکە دەتوێتەوە و دەڕژێت بۆ ئەوەی شێوەیەکی نوێ پەیدا بکات، شێوەی پەیکەرەکە. ئەم شێوە لە ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنانی پەیکەرەکە وەک هۆکاری فەرمی تێدەچن هەرچۆنێک بێت ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی پەیکەرێک پێویستی بە ئاماژەیەک هەیە بۆ هۆکاری کارا یان ئەو بنەمایەی کە پەیکەرەکە بەرهەم دەهێنێت بۆ ئەرستۆ ئەم بنەمایە هونەری برۆنزی دانانی پەیکەرە. (Aristotle, 195 a6-8. Cf. Metaph. 1013 b 6-9)

## 2-3تەوەری دووەم: جوڵێنەری نەجوڵاو

ئەرستۆ وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە خودا بزوێنەرێکە ناجوڵێت، هەموو بزوێنەرێک ئەگەر کەسێک بێت یان شتێک یان بیرۆکەیەک، شتێک دەجوڵێت و شتێک دەیجوڵێنێت، پاقلەکە خاکەکە دەجوڵێنێت، دەست هەڵکەندەکە دەجوڵێنێت، مێشک دەست دەجوڵێت و ئارەزووی خواردن مێشک دەجوڵێنێت و غەریزە بۆ خۆشەویستی ژیان ئارەزووی خواردن و خواردنەوە دەجوڵێت. بەڵام خودا بەڕای ئەرستۆ ناتوانێت ئەنجامی هیچ کارێک بێت بەڵکو سەرچاوەی هەموو کارێکە بزوێنەری جیهانە کە ناجوڵێت و لەو پەڕینەوەدا دەڵێت: دەبێت زنجیرە جوڵەکان بە بزوێنەری یەکەم کۆتایی پێبێت کە ناجوڵێت کە ئەسڵی بزووتنەوەکە بە هەموو شێوەکانی لە گەردووندا و سروشتی ئەم بزوێنەرە (فخری ١٩٥٨، ٩٤) .بەم شێوەیەیە:

- دەبێت پاڵنەرێکی هەتاهەتایی بێت: چونکە ئەگەر بە شتێکی ترەوە بجوڵێت، مانای ئەوەیە کە شتێکی تر هەیە دەیجوڵێنێت، بۆیە ناکرێت لەلایەن کەسێکی ترەوە ئەنجامدەر بێت، بەڵکو خۆی بجوڵێتەوە.
- دەبێت جیانەکراوە و چەندایەتی بێت: واتە هەتایە و نەبینراوە، چونکە ئەگەر فرەیی دابەش بێت، ئەگەر فرەییش بێت، ئەوا بەشەکەی دەبێت، پاشان ناتوانین بزووتنەوەکە لە هیچ لایەکەوە بناسینەوە و ئەمە لە چەندایەتییەوە دانەنرێت، چونکە لە ماددە ئازادە. دەبێت هەمیشە فرمانێک بێت، واتە فرمانێکی تەواو تەواو. (فخری ١٩٥٨، ٩٣)
- بەڕاستی دەبێت عەقڵ بێت و بابەتی مێشکی بەرزترین زیرەکی بێت، واتە فیکر و عەقڵ و هەتا بە هۆش بێت نزیکترە لە شتە ئیلاهییەکان.

هەروەها لە کتێبی "نەفس" دا دەڵێت: ئەو بزوێنەرە ناجوڵێتەوە و وەستاوە پێی وایە ئەگە جوڵانەوەی هەبێت ئەوا دەبێت بزوێنەری تر هەبێت کە بەدوای بزوێنەری یەکەمدا بێت کە نەجوڵێت و جوڵەکەی لێ وەربگریت. (فخری ١٩٥٨، ٩٥). ئەم بزوێنەرە یەکەم ئاسمان یان خولگەی ئەستێرەی ڕەق بێت کە لە جوڵەی سەردەمیانەی هەتاهەتاییدا دەجوڵێت ئەم مەکینە جوڵاوە لە سیستەمی ئەرستۆدا گوزارشت لە پەیوەندی نێوان یەکەم بوون (خودا) دەکات کە ناجوڵێت و هەموو ئەو بوونەوەرانەی تر کە بە شێوەی خۆیان دەجوڵێنەوە. (د. محسن مهدي، تصدير ا د إبراهيم مدكور، 1994، ص 83)

بۆیە ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە کە خودا مادەیەکە کە بابەت و ئامانج تێیدا یەکدەگرێت و تێیدا تەنیا شتە هەرە جوانەکان و ڕۆح تێیدەگات و ئەو جەوهەری خودایە و لە ژێری ئەوەوەیە کە کەمتر ڕێزلێگراو یان بەهادار بێت لە خۆی، بەهۆی ئەو ترسەی کە بۆ هەستە دەروونییەکان دەیهێنێت دەتوانێت وای لێبکات بە سۆز و لە ژێر کاریگەری ئەودا بیرکردنەوەی مێشکی بگۆڕێت، وەک ئەوەی پڕ بێت لە تووڕەیی یان خۆشەویستی ئەو کەسانەی حەزیان لێیەتی. بەڵام لای ئەرستۆ خودا لە فەلسەفەدا لە سەرووی هەستە و واتە هۆکاری ئەو جیهانەیە و شتێکە کە هەموو خەڵک حەزی لێیەتی و گرنگی پێ دەدات و بە دوای لاساییکردنەوەیدا دەگەڕێت. چونکە ئەو یەکەم خۆشەویستییە کە هەموو بوونەوەرە عەقڵانیەکان ئاواتی بۆ دەخوازن (کرم ٢٠١٢، ٣٧).

## 3-1بەشی سێیەم: بنەما بنەڕەتییەکانی میتافیزیکی دیکارت

-دیکارت یەکێك لە گرنگترین ئەو فەیلەسوفانەیە، کە مێژوو بەسەر دوو دابەشدا دابەشدەکات و دابڕانێکی ئەبستمۆلۆژی و سیستەمی دروستدەکات. ئەو دەیەوێت لە ڕێگەی دووبارە شەن و کەوکردنی ئایدیا کۆنەکان، بەزانینی ڕاست و دروست بگات. بۆ ئەم مەبەستە گومان دەخاتەسەر هەموو جۆرە بیرکردنەوە و زانینەکانی پێش خۆی. لەڕێگەی میتۆدی گومانکاری، هەموو ئایدیاکان دەپشکنێت و دەیانخاتە ژێر چاودێری و پشکنینی وردی عەقڵەوە. بەمشێوەیە گومان یەکەمین هەنگاوە، کە دڵنیایی و یەقینی ڕاستەقینەی لەسەر بنیاتدەنێت، لە پرۆسەی زانین لەلای دیکارت.

لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە) دیکارت هەڵویستێکی نێگەتیف بەرامبەر بە میتافیزیکای نەریتی وەردەگرێت. پێی وایە فەلسەفەیەکی تیۆریی تەواوە و ڕەتی دەکاتەوە و داوای فەلسەفەیەکی دیکەی پراکتیکی دەکات. بۆ ئەم مەبەستە هەموو کتێبەکەی بەناونیشانی "ڕەنگدانەوەی میتافیزیک لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەلسەفەی یەکەمدا" تایبەت بە میتافیزیک تەرخان دەکات و بە وردی لە قولایی ئەم کتێبەدا دەوەستێت. لەگەڵ کتێبی "شێوازی مۆدێرن"، لەسەر پرسە میتافیزیکیەکان. لەوەش زیاتر لەوێدا دیکارت فەلسەفە بە میتافیزیک پێناسە دەکات و دەڵێت: "هەموو فەلسەفەکە وەک درەختێک وایە کە ڕەگەکەی میتافیزیکە، قەدی جەستەیی و ئەو لقانەی لە لاکانییەوە دەردەچن هەموو ئەو زانستانەی ترن کە لە سێ زانستی سەرەکیی کۆ دەبنەوە و بریتین لە هەریەک لە: "پزیشکی، میکانیک و ئەخلاق " (Gray 2014, 43)

هەروەها لە پێشەکیی کتێبی "بنەماکانی فەلسەفە" دا دیکارت باس لە پیاوێک دەکات کە دەیەوێت عاقڵ و بە ڕاستی زانا بێت. وەک لەوێدا ئاماژەی پێکردووە، دیکارت پێی دەڵێت: " دەبێت دەست بکات بە قبوڵکردنی فەلسەفەی ڕاستەقینە کە بەشی یەکەمی میتافیزیکە و بنەماکانی مەعریفەی تێدایە لەوانە لێکدانەوەی گرنگترین سیفەتەکانی خودا دووەمیان فیزیایە کە دوای ئەوەی مرۆڤ پرەنسیپە ڕاستەقینەکانی شتە مادییەکانی دۆزییەوە، بەگشتی لەسەر ئەوەی کە هەموو گەردوون چییە؟، بە تایبەتی سروشتی ئەم زەوییە و سروشتی هەموو ئۆبجێکتەکانی دەوروبەری، وەک هەوا، ئاو، ئاگر، موگناتیس و ماددەکانی دیکە. (دیکارت ١٩٧٤، ٤٤).

لە کتێبی شێوازی مۆدێرندا دیکارت هەڵوێستێکی نەرێنیی بەرامبەر بە میتافیزیک هەڵگرتووە، پێی وایە فەلسەفەیەکی تیۆریی تەواوە. بەو مانایە داوای ڕەتکردنەوەی و قەرەبووکردنەوەی بە فەلسەفەیەکی پراکتیکی تر کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا (AT IXB 14: CSM I 186).

## 3-2تەوەرەی یەکەم: گومان وەك دەستپێکی میتافیزیکای دیکارت

گومان: " حاڵەتێکە دەروون تیایدا دەکەوێتە ڕاڕایی لە بڕیارداندا، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی بێئاگاییەوە بێت لەڕەوشی بابەتەکەو لایەنەکانی. یان بەهۆی نەتوانینی شیکاری بێت لەلایەن کەسەکەوە" (چیا، ٢٠٠٥، ٧٣)

ئامانجی دیکارت لە گومانکردن بریتی بوو لە بەدەستهێنانی چەند گومان هەڵنەگرێك، بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەستێ وەك بنەمایەك بۆ گەیشتن بە میتۆدێکی ڕاست و دروست، تاوەکو زانستەکانی تری لەسەر بینا بکات. ئەم کارەشی بە سێ قۆناغ ئەنجامدا:

یەکەم، ئەو شتانەی خستە لاوە کە ڕەنگە تەنها بەهۆی هەستێکی ئاسایی و باوەوە گومانی لێکردبن، بۆ نموونە بۆخۆی ئەم جۆرە ڕاستیەی باس کردووە کە داری ڕاست لە ئاودا بە خوار دێتە بەرچاو.

دووەم، ئەوەبوو کە گومان بکات کە ئایا لەهیچ ساتەوەختێکدا بەڕاستی بێدارەو بەهەست درك بەشتێ دەکات یان نا، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لە ڕابردوودا زیاتر خەوی دیوە، کەلە ڕێیی هەستەوە درك بەکۆمەڵێ شت دەکات و لە دنیایی خەوندا، ڕاست وەکو ئێستا، بیری کردۆتەوە کە کەسێك یا مێزێك یا شتێکی دیکە دەبینێ، بەڵام هەڵبەتە کاتێ کە خەبەری بۆتەوە، پەی بەوە بردووە، کە هیچ کام لەوانە جگەلە خەون و خەیاڵ شتێکی دیکە نەبوون. پاشان دیکارت هەنگاوێکی تری هەڵگرت و گەیشتە بەرزترین

سێیەم: ڕاددەی مومکینی گومان، لەخەیاڵدا ئەوەی وێناکرد کە (ڕوحێکی ناپاك-MALIGN SPSIRIT)، یان وەکو ئەوەی کە هەندێکجار لە نووسینەکانیدا کە سەبارەت بەم بابەتەن بە (شەیتانی ناپاك) گوزارشتی لێدەکەن، تەنها نیازی فریودانی ئەوی هەیە و لەخۆی پرسی: گریمان ڕوحێکی وا هەبوو، ئایا شتێك هەبوو کە نەیدەتوانی کە من دەربارەی ئەمە گومڕا بکات؟ هەڵبەتە ئەمە تەنها وەرزشی فیکرییە. دیکارت هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە کە یەکێك گومانی فەلسەفی ئەو لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاربێنێت و چەندین جار ئەو خاڵەی ڕاگەیاندووە. میتۆدی گومان-بەتایبەتی ڕۆحی ناپاك خەیاڵی- جگە لەبەشێك ڕەخنەی عەقڵی شتێکی دیکە نیە، بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکان لەبێژنگ بدات، ئەوە دیاری بکات کە ئایا هەندێکیان زیاتر نزیکە لە یەقینەوە یان نا؟ " (هامیلتۆن، ٢٠١١، ٣٧).

## 3-3تەوەری دووەم: گومانی میتۆدەیی وەك ڕێگەی گەیشتن بە دڵنیایی

دیکارت لەبەشی شاکاری [چەند ڕێساو بنەمایەکی ڕێنمایکردنی ژیر] دا وتوویەتی: من وا لە میتۆدە تێدەگەم کە چەند ڕێساو بنەمایەکی جێگای دڵنیایی و سادەو ساکاربن، ئەوی بەووردی و ڕێك و پێکی پابەندیان بێ و پەیڕەویان بکات، هیچ کاتێك شتێکی هەڵەوچەوت بەڕاست دانانێ و هیچ کۆششێکی ژیری گیانی بە فیرۆ نادات، بڵکو وردە وردە زانینەکەی بەردەوام پتردەکات و بەو زانینە ڕاستانە دەگات کە توانای پێگەیشتنیانی هەیە] (عەزیز ٢٠١١، ٧٢)

"دیکارت بەدوای میتۆدێک دەگەڕا کە بتوانێت نهێنییەکانی جیهان و یەکێتی زانستەکان بدۆزێتەوە" (تامسۆن ٢٠١١، ٥٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"لەبەرئەوە پێداگرتنی ئەو لەسەر پەیرەوی بیرکاری ڕوون و ئاشکرایە. ئەو میتۆدەیە لەدو هەنگاو پێکدێت، لەسەرەتاوە بەچەند دەستەواژەیەکی گومانهەڵنەگر دەستپێدەکات بۆ ئەوەی بە پرۆسەیەکی لۆژیکیانە چەند دەستەواژەیەکی تری لێ دەستگیرببێ. دوو هەنگاوەکە بریتین لە:

1 حدس (پەی بردن INTUATION) بەشت لەچاوتروکانێکدا:

دیکارت دەڵێت مەبەستم لە سوسە یان حدس، شایەتی هەستەکان نیە کە ئەم شایەتیە دەگۆڕێت، وە حوکمێکی هەڵخەڵەتێنەرانە، یـــــــان حوکمی). ئەندێشە نیە، بەڵکو مەبەستم لێی ئەو هزرە تۆکمەیەیە کە لە زەینێکی بێخەوشی ئاگادارەوە پێکدێت و تەنیا لە ڕووناکی عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت. وە هەروەها ڕوناکیەکی خۆڕسکە یان غەریزەیەکی عەقلیە، کە بەهۆیەوە زانیاریمان دەست دەکەوێ. وەك: من بیردەکەمەوە، من هەم. سێ یەکسان یەکسان دەبن بەیەکتری.2 دیدەکشن یان ئیستیدلال_هەڵهێنجان: DEDUKTION

هەرچی (هەڵهێنجان)ە، ئەمیش دیسان لەسەر (حدس)ەوە دامەزراوە، ئەویش: کردارێکی زەینیە، بەهۆیەوە لە شتێك ڕزگارمان دەبێت کە زانینێکی یەقینمان دەربارەی هەیە، کە بەرئەنجامەکانی پەیوەست دەبێ پێیەوە. (عبدالحمید ٢٠١٠، ٨٠).

بەپشت بەستن بەم دوو کردارە، دیکارت چوار بنچینەی دانا، کە ئەگەر عەقڵ پەیرەویان لێبکات، ئەوا لە هەڵەکردن بەدوور دەبێت. بنەمای یەکەم پەیوەستە بە (حدس) و سیانەکەی تر پەیوەندیان بە (هەڵهێنجان)ەوە هەیە، کە ئەمانەن:

1-بنەمای دڵنیایی بوون:

بەپێی ئەو بنەمایە، نابێت هیچ شتێك بەڕاست دابنرێت، ئەگەر مرۆڤ لەوە دڵنیانەبێت کە ڕاستە. واتە خۆمان لەهەموو بڕیارێکی خێراو پێشیانە ببوێرین، تاوەکو بەشێوەی ڕوون و ئاشکراییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە بەرهزرو

بیرو نەزانرێ کە دەرفەتی هیچ گومانلێکردنێك نادات. (ت. محمد 2006 ، 153)

2-بنەمای شیکردنەوە:

هەریەکێك لەو کێشەو تەنگژانەی دەمەوێ لێیان بکۆڵمەوە، بەپێی توانا و ئەوەندەی پێویست بێت بەچەند بەشێکەوە دابەشی بکەم بۆ ئەوەی چارەسەرکردنەکەی سووك و ئاسان بێت.

3-بنەمای دارشتن و لێکدان:

ئەو بنەمایە پێچەوانەی ئەوەی دووەمە، واتە لەسادەوە بەرەو ئاڵۆزو لێکدراو، بەشێوەیەکی زنجیرەیی هێدی هێدی سەردەکەوم، بەشێوەیەك کە هیچیان پێش هیچیان نەکەوێت.

4-بنەمای ئاماری تەواوەتی و پێداچوونەوە:

لەهەموو حاڵەتەکاندا کاربکەم، لەسەر ژماردنێکی تەواو و پێداچوونەوەیەکی تێروتەسەل، کەوام لێدەکەن دڵنیابم لەوەی کە بێئاگانەبووم لە هیچ شتێك کە پەیوەستە بە گرفتە خراوە ڕووەکانی لێکۆڵینەوەکەم (عەزیز ٢٠١١، ٧٢).

## 3-4تەوەرەی سێیەم: کۆجیتۆ و بنەماکانی

لەهەنگاوی سێیەمی گوماندا دیکارت دەڵێت: "شەیتانی ناپاك هەرچەندە فریـوم بدات، لەمبارەیەوە هەرگیز ناتوانێ فریوم بدات کە کاتێك بیرناکەمەوە، قەناعەتم پێ بکات کە بیردەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر بیرێرێکی ناڕاست و درۆشم هەبێ، خودی ئەوەش دیسان بیرە. تەنانەت بۆ ئەوەی بیرێکی فریودەریش بە خەیاڵمدا بگوزەرێ، دیسان دەبێ بیرێکم هەبێ، کەواتە بەناچاری دەبێ ڕاستبێ کە بیردەکەمەوە. دیکارت لەم بابەتەشەوە ئەنجامێکی دیکەشی بەدەستهێنا ئەوەبوو:" من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" یان بە زمانی لاتینی (COGITO ERGO SU) (ماگی ٢٠١٢، ١٧٥).

دیکارت سەرەتا دیدی میتافیزیکی خۆی لە مێدیتیشنەکان پێشکەش کرد و پاشان بە شێوەیەک دایڕشت کە لەگەڵ ئەو میتۆدانەی لە پرەنسیپەکاندا هەیە، بگونجێت. تێڕوانینی ئەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە فەلسەفیانەی خوارەوە بوو:

• عەقڵی مرۆڤ چۆن زانیاری پەیدا دەکات؟ • ڕاستی چییە؟ • سروشتی ڕاستەقینەی واقیع چییە؟ • ئەزموونەکانی مرۆڤ چۆن پەیوەندی بە جەستە و مێشکی ئەوەوە هەیە؟ • ئایا خودایەکی باش هەیە؟ ئەگەر هەبوو، چۆن دەتوانین بوونی خۆی بە ڕاستیەکانی ناخۆشی و هەڵە و کردەوەی نائەخلاقی ئاشت بکەینەوە؟ چۆن مێشکی مرۆڤ زانیاری پەیدا دەکات؟ ڕێنی دیکارت هەرگیز گومانیان لەوە نەبوو کە خەڵک هەندێک شت بناسن و بتوانن کەسانی تر بدۆزنەوە، لەوانەشە ڕاستی بنەڕەتی دەربارەی پێکهاتەی بنچینەیی واقیع (بەلایەنی کەمەوە بە پێی بیرۆکە میتافیزیکییەکانی ساڵی 1629).

هەرچۆنێک بێت ئەو بڕواشی وابوو کە ئەو بەرنامە فەلسەفیانەی لە زانکۆکانی ئەو سەردەمە فێرکراون کە لەلایەن زۆربەی هاوچەرخەکانیەوە بەکار دەهێنران، توشی کەموکوڕییەکی قوڵ بوون. (1 2013، 306)

## 3-5تەوەرەی چوارەم: ڕەب وەك بنەمای باڵا لە میتافیزیکی دیکارتدا

بیرۆکەی خودا لە سەرەتاوە بنەمای بنەڕەتی فکری دیکارت بوو، بۆ ئەوەی زانیاری ڕاستەقینەی هەبێت بۆ خۆلادان لە هەر کەموکوڕییەک.، کە بە تەواوی ئەمە زانستی خودایە بە تەنیا. کاتێک کە سیستمە ئاساییەکەی مەعریفەی مرۆڤ هەڵگەڕاندەوە (مەبەست ئەرستۆیە) ئەمە بە زەقی تێبینی دەکرێت. دواتر میتافیزیکی کرد بە دەروازەو، دوای ئەوەی پێشتر لۆجیک سەرەتا بوو بۆ گەیشتن بە میتافیزیک، ئیستا ئیتر میتافیزیک خاڵی چوونەژوورەوەیە بۆ تێگەیشتنی بیرکاریی، نەک بە پێچەوانەوە؛ دەستی کرد بە قسەکردن لەسەر بوونی خودا و سەلماندنی بۆ دوو هۆکاری زۆر گرنگ، یەکەم بۆ ڕزگاربوون لە کەنیسە و دادگای پشکنین. دووەم خۆ بەدوورگرتن لەو کەسانەی کە پێشێلی ئەو و فەلسەفەکەییان کردووە، بەتایبەتی بۆ زانینی تایبەتی خۆی... بۆ ئەمە دیکارت بەڵگەکانی بەمشێوەیە پێشکەش دەکات: بەڵگەی یەکەم: بەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای گومانەوە هاتووە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی, دیکارت خۆی وەک بوونەوەرێکی ناتەواو دەبینێت بۆیە گومان دەکات و گومان دەرخەری ناتەواوییە و نازانێت ئەگەر هیچ بیرۆکەیەکی تەواوبوونی ڕەهای نەبووبێت و مەحاڵە وێنای ئەوە بکرێت کە بیرۆکەی کامڵبوونی ڕەها لە مێشکیدا دروست ببێت. هەروەها ئەو بوونەوەرە بێکۆتایە، خودایە.هەروەها ئەوە دەسەلمێنێت کە بوونێکی ناتەواوە، چونکە زانین لە گومان تەواوترە کە بەڵگەی ئاشکرایە. (دیکارت ١٩٧٤، ١١٩) بەم شێوەیە دیکارت چەمکی بوونێکی تەواو و بێکۆتایی وەک یەکێک لە چەمکە سروشتیەکانی خۆی وەک بیرۆکەیەکی ڕوون و جیا دۆزییەوە. ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەی - خودایە - زۆر ڕوونە، کە لە هەر بیرۆکەیەکی تر ڕاستی ترە لە خودی خۆیدا.

بەڵگەی دووەم: ئەم بەڵگەیە لە یەکەم بەڵگەوە وەرگیراوە بۆ سەلماندنی بیرۆکەی کامڵبوون. واتە خولقێنەری خۆیەتی بۆ کامڵ بوونی خۆی، بەڵام ئەو بوونەوەرێکی ناتەواوە کە ناتوانێت دروستکەری خۆی بێت بۆیە دەبێت هۆکارێک هەبێت بۆ بوونی چونکە لەبەر کەمیی خۆی ناتوانێت ببێتە هۆی خۆی ئەگەر من خۆم دروست بکەم نە گومانم لە هیچ شتێک دەکرد و نە هیچ ویست و حەزی هیچ شتێکم

دەکرد واتا من هیچ کامڵیەکم نەبوو، چونکە دواتر هەموو کامڵیەکم بە خۆم دەبەخشی. کەواتە خودا هۆکاری بوونی منە وەک بوونێکی تەواو، ئەویش هۆکاری بوونی خۆیەتی. واتە هۆکاری خودی خۆی، هۆکاری یاسا، بۆیە، خودا تەنیا بنەمایەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو توانای گەورەیی و بەخشینی بوونی خۆی هەیە، واتە هۆکاری خۆیەتی نەک هۆکاری شتەکان. هەروەک خودا بەخشەری بوون و پارێزەری بوونە، واتە هێزی دروستکردن و پاراستنی هەیە. (محمد ٢٠٠١, ٧٠)

بەڵگەی سێیەم: ئەوە ڕێنوێنێکە کە ئیلهامی لە ئەندازەیە و بە بەهێزترین و وردترین بەڵگەکان دادەنرێت. تیایدا دیکارت هەوڵیدا لە بیرکردنەوەوە بجولێتەوە بۆ بوون واتە بوونی خودای لە چەمکی خودا هێنایە دەرەوە، بۆیە خەسڵەتەکانی سێگۆشە لە چەمکی سێگۆشەوە دەکێشین. وەک گەوهەری جێگیر کە نەیکرد. داهێنراوە و هیچ پەیوەندی بە بیرۆکەکەیەوە نییە و ناتوانێت زیاد بکات یان کەم بکاتەوە. بەم مانایە چەمکی تەواو حەتمەنی بوون لەسەر ئەو بنەمایە کە بوون تەواوە و لەبەر ئەوە ئەگەر کامڵ بوونی نەبووایە ناتەواو و نەبوونی بوون بووایە و مەسەلەیەکی ناکۆکە" من بە ڕوونی دەبینم. کە بوونی خودا لە جەوهەری ئەو جیا نییە، هەروەک چۆن جەوهەری سێگۆشەی یەکسان لە سێ گۆشەی یەکسان جیاناکرێتەوە، دوو گۆشەی دروستی هەیە و شێوازی چەمکی دۆڵەکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ چەمکی شاخ" اتە بوونی خودا لە چەمکی بوونێکی تەواو و بێکۆتایە، بۆیە کامڵبوون بەشێوەیەکی حەتمی. (محمد ٢٠٠١، ٧١) .

لێرەدا دەردەکەوێت دیکارت هەموو بیروباوەڕەکەی بۆ سەلماندنی بوونی خودا دامەزراندووە. واتە چەمکی خودا گەرەنتییەک بوو بۆ ڕاستی و دروستی بیروبۆچوونەکانی، چونکە واقیعی تەواوی بیروبۆچوونەکان بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە واقیعی ئەم بیرۆکەیەوە هەیە، هەتا خودا سەرچاوەی بیرکردنەوەکانمان بێت ئەوە تەواو و ڕەهایە و هەر ئەو شتەیە کە ئەو بیر و بۆچوونانەی لێیەوە هاتوون، هەموو جۆرە فریودانێک بەدوور دەخاتەوە.

## پوختەی ئەنجام :

دیکارت ناڕازی بوو لە بەرهەمە زۆرو زەوەندەکانی فەبلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست و قوتابخانە-سیکۆلائیەکان بۆیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-لەبری مەعریفەی چۆنایەتی ئەرستۆ، لەسەردەستی دیکارت مەعریفەی چەندایەتی دامەزرێنرا. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە میتۆدەی بیرکاری وەرگرت.

ئەگەر میتافیزیکی ئەرستۆ لە جیهانی مادییەوە دەستپێدەکات بۆ گەیشتن بە خودا، واتا بە گشتی مەبەست لە فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاستیشە، کە بەڵگە بۆ ناسینی بوونی خودا وەک پرەنسیپێک کە هەموو شتێک لەو بنەمایەوەیە دێت. ئەوا پێکهاتە دیکارتییەکان بە زانینی خودی ئەو زاتە دەستپێدەکات، ئینجا مەعریفەی خودا، ئینجا زانینی جیهان، پرۆسە فیکرییەکەی بەستراوە بە بوونی ئەوەوە.

2-شێوازی گومانکردنی دیکارتي جۆرێکی ڕادیکاڵانەی گومانکردنە، چونکە بناغەی زانینی ئێمە لاواز دەکات و بەو شێوەیەش پرسیار لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە پێمان وایە دەیزانین خودی شێوازەکە زۆر سادەیە: ئەگەر تۆ هۆکارێکت هەبێت بۆ گومانکردن لە شتێک، ئەوا دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وەک ئەوەی کە دەرکەوێت هەڵە بێت. بەهەمانشێوە ئەرستۆش تەئکیدی لەپێویستیی هۆکاری لۆژیکی و لێپرسینەوەی زانستی کردەوە کە تێیدا زانین پێویستی بەوەیە کە شوێنکەوتنیان پێویست بێت هەروەها جەختی لەسەر پێویستی پەیوەستیی لە عەقڵانییەتی لۆژیکی و لێپرسینەوەی زانستی کردۆتەوە.

3-بەبۆچوونی دیکارت مادام ئیتر گەردوون نێوەندگیری نێوان مرۆڤ و خودا نەبێت دەبێت بەدوای هۆکارێکی تردا بگەڕێت واتە میتافیزیکی نوێ کە مەسەلەی میانگیری ناکات بۆ سەلماندنی بوونی خودا بەڵکو گەڕانە بۆ ئارگیومێنتی عەقلانی تەواو، بۆیە ڕاستەوخۆ لە بیرکردنەوە بەرەو خودا دەست پێدەکات. بەم شێوەیە بیرۆکەی خودا بە دووەم بیرۆکەی ڕوون دادەنرێت دوای بیرۆکەی ئیگۆ، بە پێچەوانەی میتافیزیکی کۆن کە بە نادیاری و تەمومژی ماوەتەوە لەبەردەم بیرۆکەی خودا.

4-وەسفەکانی دیکارت بۆ پێکهاتەی هۆکار تەنها بۆ مادده و جوڵە جێبەجێ دەکات. ئەم تێڕوانینە میکانیکییە بۆ جیهان بە ڕوونی پێکهاتەی هۆکاری ئەرستۆیی لە فۆرمە گرنگەکان لادەبات لە ئاکامدا چوار هۆکاری ئەرستۆ کەم دەکرێنەوە بۆ یەک هۆکار و بەهۆکاری زنجیرەی هۆکاری شتەکان دادەنرێت.. ئەمە بە تەواوی دژە بە میتافیزیکایی ئەرستۆ. تێڕوانینی دیکارت تەنانەت هەوڵ نادات بیرۆکەکانی

ئەرستۆ بە جۆرێک هەموار بکاتەوە بۆ هێشتنەوەیان لە سیستەمەکەدا ئەو تەنیا هەوڵ دەدات بە مۆدێلێکی تەواو جیاواز بیرۆکەکانی پێشکەش بکات.

## سەرچاوەکان:

### بە کوردی


1. عەزیز حەمید, بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی, دەزگا و کتێبخانەی ئاویر, چاپخانەی رۆژهەڵات, هەولێر, 2014
2. کەمال محەمەد, فەلسەفەی ئەفلاتون, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, 2010
3. برێهە ئیمیل, مێژووی فەلسەفە (گریکی کۆن), وەرگێرانی: ئاوات ئەحمد, لە بڵاو کراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی چراخان, بەرگی یەکەم, سلێمانی, 2007
4. عەزیز حەمید، فەلسەفەی نوێ لەئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2011
5. تامسۆن گرێت، فەلسەفەی دیکارت، و: پێشرەو محەمەد، خانەی چاپ و پەخشی سایە، سلێمانی، 20112-
6. سیوەیلی ڕێبوار، دیکارت و عەقلانیەت، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەو دەزگای موکریانی، هەولێر،2009
7. عەبدولحەمید نبیل، فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت، و: هاوار محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2010
8. فەرهەنگی فەلسەفی، ئامادەکردنی محەمەد چیا، چاپخانەی مەهارت، تاران، 2005
9. ماگی برایان، فەیلەسوفە مەزنەکان، و: محەمەد کەریم، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، 2006
10. عەزیزحەمید, ٢٠٠٨. سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
11. راسیل بێرتراند، مێژووی فەلسەفەی خۆراوا. ٢٠١١، هەولێر
12. پولادی کەمال، ڕێگوزەەری بیری سیاسی،٢٠٠٨
13. *سۆقرات،یەکەمین قوربانی ئازادی بیرورا لە جیهاندا*. ترجمة د.نەریمان عبدالله و محەمەد وەسمان. هەولێر، ٢٠١٣
14. ماگی برایان، *مێژووی فەلسەفە*. هەولێر، ٢٠١٢.
15. میهرین میهرداد، قوتابخانە فەلسەفییەکان، سلێمانی ٢٠٠٩
16. هامیلتۆن کریستۆفەر، مەعریفەتناسی، و: بەلێن ئەنوەر عەلی، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی نارین، 2011

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەعەرەبی:
17. بدوي عبد الرحمان، " الموسوعة الفلسفية"، الجزء الثانى، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط 1،1984
18. محمد هشام. *في النظرية الفلسفية للمعرفة*. بيروت: المطبعه افريقيا الشرق، ٢٠٠١.
19. مقال عن المنهج، ديكارت
20. أرسطو والمرأة، إمام عبد الفتاح إمام، سلسلة الفيلسوف والمرأة، مؤسسة الأهرام للنشر والتوزيع، ط 1، مصر 1996
21. ميتافيزيقا، مهدى قوام صغرى، العراق، نجف،ط:1،2019،15
22. ماجد فخري، أرسطو المعلم الأول، سلسلة قادة الفكر، المطبعة الكاثوليكية- بيروت، بدون ذكر الطبعة والسن
23. تاريخ الفلسفة اليونانية، يوسف كرم، السلسلة الفلسفية، مطبعة لجنة التأليف والنشر، بدون ذكر الطبعة، 1300هـ - 1936م
24. تلخيص كتاب النفس، أبو الوليد ابن رشد، تحقيق وتعليق الفرد ل عبري، مراجعة د. محسن مهدي، تصدير ا د إبراهيم مدكور، مطابع الجمعية المصرية العامة للكتاب- القاهرة بدون ذكر الطبعة، القاهرة 1994،
25. رينيه ديكارت، مبادئ الفلسفة، ترجمة عثمان أمين، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة 1974
26. عبدالحميد نبيل، قصة الفلسفة اليونانية، طبع١, اربيل.
27. ارسطو والمرأة، إمام عبد الفتاح إمام، سلسلة الفيلسوف والمرأة، مؤسسة الأهرام للنشر والتوزيع، ط 1، مصر 1996م.
28. أرسطو طاليس، (بدون ذكر سنة الطبع)،السياسية، ترجمة لطفي السيد، منشـو ارت الفاخريـة، الريـاض
بە ئینگلیزی
1. Metaphysics (Stanford Encyclopedia of Philosophy). 16 .cep. 2018.
2. Turchin, Joslyn, and Heylighen. “Metaphysics, introduction.” Principia Cybernetica. 1993. 2009.
3. Newall, Paul. “Introducing Philosophy 3: Metaphysics 1.” The Galilean Library. 2004. 2009 .
4. Physics II:3, and Metaphysics V:2
5. Phisic 195 a6-8. Cf. Metaph. 1013 b 6-9.
6. Gray, hatfield ،DESCARTES MEDITAITION ،routlidge ،london2014

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Basic Basic Symmetry Between Ersto and Descartes

**Saewan Talaat Hamad Taher**
Department of Philosophy, College of Culture, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sophyahawre@gmail.com

**Keywords:** *Methaphisic, Cogito, Being, Essence, Cartesian, doubt, God*

## Abstract:

The project goes on to have two types of models and a human thinking system, each with its own context and history. The first is Aristo, a teacher, and the second is Descartes, the father of modern Europe and enlightenment. The range between the two philosophers is about 2,000 years. But at the same time, their thinking is far from each other. One of them has its own method, and it has its own goals and achievements. In this study, with the method of analysis-comparison, our project begins to examine similar and different dimensions. The structure of the study includes three parts, with several basic axis; as follows: In the first part, an introduction to metaphysics is opened as a quick introduction. Then in the first part, Greek mythology is discussed by natural philosophers.

In this section, the metaphysic opinions of Arsto teacher Plato are mentioned that in some places he criticized the criticism and in some places he was strongly abiding. In the second part, the meaning and definitions of methology will be highlighted by Arsto and then the basics of four reasons and movements will be discussed.

In the third part of the study, which focuses on Descartes, he points to the basic methaphysics in Descartes' view: he is dealing with suspicion as a means of establishing methaphysics. Then, through methodical suspicion, he reaches the road to certainty and establishes Kojito as the famous philosopher. God gives the middle as the core of the high esteemed one. As a result, the points of the conflict will be made